مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

# دور علماء الدين والحُجْرات في بناء المعرفة بمنطقة بالكايتي في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر

**م.م. سهند عبدالستار مصطفى**
جامعة سوران – كلية الآداب

البريد الإلكتروني Email : sahand.mustafa@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الحجرة، بالكايتي، المعرفي، الأسر العلمية.

**كيفية اقتباس البحث**
مصطفى ، سهند عبدالستار، دور علماء الدين والحُجْرات في بناء المعرفة بمنطقة بالكايتي في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، شباط ٢٠٢٦، المجلد:١٦ ،العدد:٢ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

# The role of religious scholars and *Hujras* in the construction of knowledge in the Balkaiti region in the 18th and 19th centuries

**Helpful Lecturers Sahand Abdul Sattar Mustafa**
Soran University - Faculty of Arts

**Keywords** : Hujra, Balakayati, Intellectual, Scholarly Families.

**How To Cite This Article**
Mustafa, Sahand Abdul Sattar , The role of religious scholars and Hujras in the construction of knowledge in the Balkaiti region in the 18th and 19th centuriesJournal Of Babylon Center For Humanities Studies, February 2026,Volume:16,Issue 2.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

The study, titled **"The Role of Religious Scholars and *Hujras* in the Intellectual Development of the Balakayati Region in the 18th and 19th Centuries,"** represents an academic effort to document and analyze the educational history and the influence of scholars in this area. Since the 18th and 19th centuries are regarded as a pivotal era of scientific and intellectual growth in Balakayati, the primary objective of this study is to highlight the strategic role of the Hujra as the sole scientific institution responsible for establishing an intellectual foundation and fostering a scholarly environment before the emergence of formal education.

The study adopts a historical approach (descriptive-analytical), analyzing the curricula and the role of prominent scientific families such as (Ibn Adam, Sheikh Watman, Roste, Galali, Walze, and Wasan). The results indicate that the Hujras were not merely places of worship but functioned as systematic institutions with a balanced curriculum (encompassing both rational and traditional sciences). They effectively filled the void left by the absence of a formal state education system, a process managed through family-based institutionalization.

Ultimately, the study concludes that the *Hujras* of Balakayati, beyond their scientific function, played a strategic role in preserving national identity and Kurdish cognitive construction. In this context, the Kurdish language served as a medium of understanding, thereby preventing cultural assimilation.

**ملخص:**

يعد هذا البحث الموسوم بـ **(دور علماء الدين والحُجْرات في بناء المعرفة بمنطقة بالكايتي في القرنين الثامن عشر والتاسع عشر)** محاولة أكاديمية لتوثيق وتحليل التاريخ التربوي ودور العلماء في هذه المنطقة؛ نظرا لأن القرنين الثامن عشر والتاسع عشر يعدان مرحلة مهمة من مراحل التطور العلمي والمعرفي في منطقة بالكايتي. ويكمن الهدف الرئيسي للبحث في إبراز الدور الاستراتيجي لـ "الحجرة" بصفتها المؤسسة العلمية الوحيدة التي تكفلت بالبناء المعرفي وتوفير بيئة علمية قبل ظهور التعليم الرسمي.

اعتمدت الدراسة المنهج التاريخي (الوصفي–التحليلي)؛ حيث جرى تحليل المناهج الدراسية ودور الأسر العلمية مثل (ابن آدم، الشيخ وتمان، روستێ، گەلاڵە، وەڵزێ، و وسان). وقد أظهرت النتائج أن الحُجْرات لم تكن مجرد أماكن للعبادة، بل عملت كمؤسسات ذات برامج ومناهج متوازنة (جمعت بين العلوم النقلية والعقلية)، مما سد الفراغ الناجم عن غياب نظام التعليم الحكومي الرسمي، وقد أديرت هذه العملية من خلال "المأسسة العائلية."

وفي الختام، توصلت الدراسة إلى أن حجرات منطقة بالكايتي، إلى جانب وظيفتها العلمية، لعبت دورا استراتيجيا في الحفاظ على الهوية القومية والبناء المعرفي الكردي؛ حيث جعلت اللغة الكردية أداة للفهم والاستيعاب، مما شكل سدا منيعا ضد الذوبان الثقافي.

# ڕۆڵی زانایانی ئایینی و حوجرەکان لە بونیادنانی مەعریفە لە دەڤەری بالەکایەتی لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا

م. ی. سهند عبدالستار مصطفى
زانکۆی سۆران – فاکەڵتیی ئاداب

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی زانایانی ئایینی و حوجرەکان لە بونیادنانی مەعریفە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا)دا هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ دۆکیۆمێنتکردن و شیکردنەوەی مێژووی پەروەردەیی و ڕۆڵی زانایان لەم ناوچەیەدا، چونکە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە بە قۆناغێکی گرنگی گەشەسەندنی زانستی و مەعریفی لە دەڤەری باڵەکایەتی دادەنرێن. ئامانجی سەرەکی بریتییە لە دەرخستنی ڕۆڵی ستراتیژیی حوجرە وەک تاکە دامەزراوەی زانستی لە بونیادنانی مەعریفی و فەراهەمکردنی ژینگەیەکی زانستی بەر لە سەرهەڵدانی خوێندنی فەرمی.

توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی مێژوویی (وەسفی-شیکاری) بەستووە؛ تێیدا شیکردنەوە بۆ پرۆگرامی خوێندن و ڕۆڵی بنەماڵە زانستییەکانی وەک (ئیبن ئادەم، شێخ وەتمان، ڕوستێ، گەلاڵی، وەلزێ، وەسان) کراوە. دەرکەوت حوجرەکان تەنیا شوێنی پەرستش نەبوون، بەڵکو وەک دامەزراوەیەکی خاوەن بەرنامە و پرۆگرامێکی هاوسەنگ (نەقلی و عەقلی)، بۆشایی نەبوونی سیستەمی خوێندنی فەرمییان پڕکردووەتەوە و پرۆسەکەشیان لە ڕێگەی بەدامەزراوەییکردنی خێزانییەوە بەڕێوەبردووە.

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە حوجرەکانی باڵەکایەتی جگە لە ئەرکە زانستییەکە، ڕۆڵێکی ستراتیژییان لە پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و بونیادنانی مەعریفی کوردیدا هەبووە، کە تێیدا زمانی کوردی کراوەتە ئامرازی تێگەیشتن و ڕێگری لە تواندنەوەی کولتووری کراوە.

وشە کلیلیەکان: حوجرە، باڵەکایەتی، مەعریفی، بنەماڵە زانستییەکان.

**پێشەکی:**

لە مێژووی شارستانیەت و گەشەی هزری گەلاندا، ناوەندە مەعریفییەکان هەمیشە وەک کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوە و پاراستنی شوناسی نەتەوەکان دەرکەوتوون. لە کوردستانیشدا بەهۆی نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ و دامەزراوەی فەرمی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی خوێندن، "مزگەوت و حوجرە" ئەو بۆشاییەیان پڕ کردووەتەوە و ڕۆڵی "دامەزراوەی ئەکادیمی"یان بینیوە. ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ڕۆڵە مێژووییە لە یەکێک لە ناوچە هەرە گرنگ و کاریگەرەکان، کە ئەویش دەڤەری باڵەکایەتییە لە ماوەی توێژینەوەکامان.

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەڤەری باڵەکایەتی، سەرەڕای سەختیی هەڵکەوتەی جوگرافی و دابڕانی لە سەنتەرە گەورەکانی شارنشینی، لەو قۆناغە مێژووییەدا توانیویەتی ببێتە مەڵبەندێکی زانستیی سەرنجڕاکێش. بە جۆرێک کە فەقێ و زانایان لە پارچەکانی کوردستانەوە، لە سنە و مەهابادەوە تا سلێمانی و کەرکوک، ڕوویانتێکردووە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە کە تێیدا تەنیا زانستە نەقڵییەکان (وەک فیقهـ و تەفسیر)

نەخوێندراون، بەڵکو گرنگییەکی تایبەت بە زانستە عەقڵییەکان (وەک فەلەکناسی، مەنتیق و فەلسەفە) دراوە. بەم پێیە، توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وێنەیەکی ڕوون لەسەر ڕۆڵی ئەم دەڤەرە لە مێژووی زانستیی کوردستاندا پێشکەش بکات.

ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە شیکردنەوەی چەمکی "بونیادنانی مەعریفی" لەلایەن زانایانی ئاینییەوە. زانایانی باڵەکایەتی (وەک بنەماڵەی ئیبن ئادەم و ئەوانی تر) لە سەدەکانی ١٨ و ١٩دا، توانیویانە هاوسەنگییەکی ورد لە نێوان "ئاین" و "نیشتمان"دا دروست بکەن؛ ئەوان لە لایەک پارێزەری شەریعەت و بەها ئاینییەکان بوون. لە لایەکی ترەوە وەک قەڵایەک بۆ پاراستنی زمانی کوردی و گەشەپێدانی هۆشیاریی نەتەوەیی کاریان کردووە.

توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی توێژینەوەی مێژوویی (وەسفی-شیکاری) بەستووە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی لەوانە: ئایا سیستەمی خوێندنی حوجرە لەو سەردەمەدا چۆن توانیویەتی پێداویستییە مەعریفییەکان ناوچەکە پڕ بکاتەوە؟ ڕۆڵی ژینگە و جوگرافیای باڵەکایەتی لە بەرهەمهێنانی ئەم دەستەبژێرە زانستییەدا چی بووە؟ هەروەها، پەیوەندیی ئۆرگانیکیی نێوان حوجرە و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕۆڵی زانایانی ئایینی و حوجرەکان لە بونیادنانی مەعریفە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا) ئەنجام دراوە، لە ڕووی پەیکەربەندییەوە دابەش کراوە بەسەر سێ بەشی سەرەکیدا. بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ خستنەڕووی (هەڵکەوتەی جوگرافی و کۆمەڵایەتیی باڵەکایەتی). لە بەشی دووەمدا، لەژێر ناونیشانی (حوجرە؛ مەڵبەندی پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی) شەنوکەوی سیستەمی خوێندن کراوە. هەرچی بەشی سێیەم و کۆتاییە، تێیدا (مەڵبەندە زانستییەکان و ڕۆڵی بنەماڵەکان) شیکراوەتەوە و ڕۆڵیان لە بونیادنانی مەعریفیدا ڕوون کراوەتەوە.

بۆ شیکردنەوەی ئەم تەوەرانە و پشتڕاستکردنەوەی داتا مێژووییەکان، توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم پشت بە چەند سەرچاوەیەکی بنەڕەتی دەبەستێت. لەوانە پەرتووکی (مێژووی زانایانی کورد) کە وەک ئەرشیفێکی گرنگ بۆ ساغکردنەوەی ژیاننامە و بەرهەمی زانایانی ناوچەکە بەکارهاتووە. هاوکات بۆ تێگەیشتن لە وردەکاریی سیستەمی خوێندن و زنجیرەی ئیجازەی زانستی، سوود لە پەرتووکی (یادی مەردان) وەرگیراوە کە وێنەیەکی ڕوونی ناوەڕۆکی پڕۆگرامە خوێندراوەکانی ئەو سەردەمە دەخاتە ڕوو. هەروەها بۆ ڕوونکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بنەماڵەکان و پەیوەندییان بە دەسەڵاتی میرنشینەکەوە، پشت بە پەرتووکی (علماء ومدارس في أربيل)ی نووسەر زبیر بیلال اسماعیل، بەستراوە، کە تێیدا ڕۆڵی کاریگەری ئەم بنەماڵانە لە دۆخی گشتیی ناوچەکەدا شیکراوەتەوە.

بەشی یەکەم: هەڵکەوتەی جوگرافیی و کۆمەڵایەتی باڵەکایەتی

**١-١ .پێگەی جوگرافی و تۆپۆگرافیای باڵەکایەتی و ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتیی تاک و ڕیشەی ناوەکەی:**

سەرچاوە مێژووییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە جوگرافیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە دروستبوونی مێژوو و کەسایەتیی تاکەکاندا دەگێڕێت. دەڤەری باڵەکایەتی نموونەیەکی بەرچاوی

ئەم کاریگەرییەیە. سروشتی سەخت و شاخاویی ناوچەکە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر، جۆرێک لە "پارێزبەندیی سروشتی" بۆ دانیشتوانەکەی دروست کردووە(ڕوستی، ٢٠٠٧، ل٥٤).

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ناوی "باڵەک"، توێژەران بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ وشەی لێکدراوی "باڵا + کێو"، واتە شوێنی کێوە بەرزەکان، ئەمەش لەگەڵ واقعە جوگرافییەکەدا یەک دەگرێتەوە کە خاوەنی بەرزترین لوتکەی هەرێم و عێراق (هەڵگورد ٣٦٠٧م) (عومەر، ٢٠٢١، ١٧). بۆچوونی دووەم پەیوەستە بە ڕەچەڵەکی هۆزایەتییەوە، کە گوایە لە ناوی تیرەی "باڵەکان"ـەوە هاتووە (شاخەوان، ٢٠١٥، ١٦). هەر کام لەم ڕایانە ڕاست بێت، ناوەکە ئاماژەیە بۆ بەرزی و سەربەرز، چ لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە و چ لە ڕووی مەعنەوییەوە.

**١-٢ .سنوور و گرنگیی ستراتیژی:**
باڵەکایەتی دەکەوێتە سێگۆشەیەکی گرنگی سەر سنوور. لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوسنوورە لەگەڵ شاری پیرانشار (خانێ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەمەش دەروازەیەکی گرنگی بازرگانی و کولتووری بووە (الحسني، ٢٠١٣، ٢٤٢، ٢٤٤). لە باشوورەوە زنجیرە چیای سەختی قەندیلە. لە باکوور و ڕۆژئاواوە بە سیدەکان، لە باشوورەوە بە ڕەواندوز دەبەسترێتەوە (شاخەوان، ٢٠١٥، ١٨، ١٩).ئەم هەڵکەوتەیە وای کردووە باڵەکایەتی ببێتە پردی پەیوەندی لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆرێک لە فەقێ و زانایانی ڕۆژهەڵات (وەک ئەوانەی موکریان و مەهاباد) بۆ خوێندن هاتوونەتە باڵەکایەتی، و بەپێچەوانەشەوە. ئەم ئاڵوگۆڕە زانستییە وای کردووە باڵەکایەتی لە ڕووی هزرییەوە کراوەتر و دەوڵەمەندتر بێت.

**١-٣ .ئاووهەوا و کاریگەری لەسەر پرۆسەی خوێندن:**
ئاووهەوای ناوچەکە (زستانی پڕ بەفر و هاوینی فێنک) کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر شێوازی خوێندن هەبووە. لە زستانە درێژ و ساردەکاندا، کە زۆرجار ڕێگاکان بە شەختەو بەفر دەبەستران، گوندنشینان و فەقێکان کاتێکی زۆریان بۆ خوێندنەوە، گفتوگۆ و شەونخوونیی زانستی هەبووە. ئەم "گۆشەگیرییە زستانەییە "وەک دەرفەتێک بۆ قووڵبوونەوە لە زانست بەکارهاتووە، بە پێچەوانەی ناوچە گەرمەکان کە ڕەنگە سەرقاڵی زیاتر بێت. هەروەها داهاتی باشی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری (بەهۆی زۆریی ئاو و لەوەڕگا) وای کردووە خەڵکی ناوچەکە بتوانن بە باشی خەرجیی حوجرەکان و بژێویی فەقێکان (ڕاتبە) دابین بکەن (ویسي، ٢٠٢٢، ٧).

بەشی دووەم: حوجرە؛ مەڵبەندی پێگەیاندنی پیاوانی ئاینی

**٢-١ .فەلسەفەی پەروەردەیی لە حوجرەکاندا:**
حوجرە لە کوردستان تەنها شوێنێک نەبووە بۆ ئەزبەرکردنی دەقەکان، بەڵکو سیستەمێکی پەروەردەیی تۆکمە بووە. بنەمای سەرەکیی ئەم سیستەمە پەروەردە پێش فێرکردن بووە. واتە پێش ئەوەی فەقێ فێری زمانی عەرەبی ببێت، دەبوو فێری ڕێز، ئەدەب، خزمەتکردن، پاکوخاوێنی و بەرگەگرتنی سەختییەکان بێت (بامۆکی، ١٩٩٨، ل٤٠). حوجرەکانی باڵەکایەتی بە وردی ئەم پەیڕەوەیان جێبەجێ کردووە. فەقێ هەرگیز نەدەچووە قۆناغێکی باڵاتر تاوەکو لە قۆناغی پێشووتردا شارەزا نەبووایە.

## ٢-٢ .پرۆگرام و مەنهەجی خوێندن:

ئەو پرۆگرامەی لە حوجرەکانی باڵەکایەتی و کوردستان بەگشتی دەخوێندرا، پرۆگرامێکی زۆر دەوڵەمەند و فرەچەشن بووە. دەکرێت دابەشی بکەین بەسەر چەند قۆناغێکدا:

### ٢-٢-١ .قۆناغی سەرەتایی (سوختەیی):

لەم قۆناغەدا، منداڵ لە تەمەنی ٦ بۆ ١٣ ساڵییەوە دەستی پێ دەکرد. سەرەتا بە "سیپارە" و فێربوونی ئەلفوبێ، پاشان خوێندنی قورئانی پیرۆز. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەبوو، لەپاڵ قورئان، گرنگییەکی زۆر بە زمانی دایک و فارسی دەدرا. کتێبەکانی (عەقیدەنامەی کوردی، مەولوودنامە، ئیسماعیل نامە) دەخوێندران. هەروەها کتێبی "گوڵستان" و "بوستان"ی سەعدی شیرازی و "پەندی عەتار" دەخوێندران. ئەمە وای دەکرد فەقێ لە تەمەنێکی بچووکەوە جگە لە کوردی، فێری فارسی و عەرەبی ببێت و ئاسۆی ئەدەبی فراوان بێت (ئاودەلی، ٢٠١٤: ٢٤، ٢٥).

### ٢-٢-٢ .زانستە یاریدەرەکان:

بۆ تێگەیشتن لە ئاین، پێویستی بە شارەزایی تەواو لە زمانی عەرەبیدا هەبوو. بۆیە ساڵانێکی زۆر تەرخان دەکرا بۆ خوێندنی (نەحو و سەرف). کتێبەکانی (عەوامل، ئیزهار، جامی، سیوتی) بە وردی دەخوێندران. لێرەدا فەقێ فێر دەبوو چۆن شیکاری بۆ هەر وشە و ڕستەیەک بکات(خەزنەدار، ٢٠١٠: ١٧٤، ١٧٥).

### ٢-٢-٣ .زانستە ئەقڵییەکان:

ئەوە ئەو قۆناغەیە حوجرەکانی کوردستانی پێ جیا دەکرێتەوە. خوێندنی (مەنتیق/لۆژیک) زۆر گرنگ بوو. کتێبەکانی (ئیساغوجی، شەمسیا، حاشییەی مەلا عەبدوڵلا یەزدی) دەخوێندران. جگە لەوەش، زانستی (کەلام/فەلسەفەی ئیسلامی) و (مونازەرە/دیدار) دەخوێندران. هەروەها زانستە پەتییەکانی وەک: بیرکاری و ئەندازیاری : لە ڕێگەی کتێبی (خولاسەتولحیساب) و (تەشریح). فەلەکناسی :خوێندنی (ئوستورلاب) و (تەشریحی ئەفلاک) بۆ دیاریکردنی کات و ئاڕاستەکان و تێگەیشتن لە گەردوون دەخوێنران (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ١٢، ١٣).

### ٢-٢-٤ .زانستە باڵاکان:

لە کۆتاییدا فەقێ دەچووە سەر زانستە بنچینەییەکانی ئاین وەک (تەفسیر: بەیزاوی)، (فەرموودە: سەحیحی بوخاری)، (فیقھ: مینهاج و فەتحولموعین). کە فەقێ دەگاتە ئاستی تێگەیشتنی قووڵ و توانای فەتوا( نەجار، ٢٠٢٦: ٢؛ بەرزنجی، ٢٠٠٧: ١٤، ١٥).

## ٢-٣ .ژیانی ڕۆژانە و سیستەمی بژێوی:

ژیانی فەقێیەتی ژیانێکی پڕ لە زەحمەتی و خۆبەخشی بوو. فەقێکان لە ژوورێکی بچووکدا (حوجرە) دەخەوتن، کە زۆرجار سارد و ناهەموار بوو. بژێوی ژیانیان لەسەر "ڕاتیبە" بوو؛ واتە هەر ماڵێک لە گوندەکەدا ژەمێک نانی بۆ فەقێکان دابین دەکرد. فەقێکان ڕۆژانە دەگەڕان (گەڕانی ڕاتیبە) بۆ کۆکردنەوەی نان. ئەم کارە، سەرەڕای سەختییەکەی، وانەیەکی گەورە بوو بۆ فێرکردنی سادەیی و دروستکردنی پەیوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان خەڵکی گوند و فەقێکاندا.

خەڵـک وەک کـوڕی خۆیـان سـەیری فەقێکانیـان دەکـرد (هەورامـی، ٢٠٠٨:٣٩٠-٣٩٥؛ بەرزنجی، ٢٠٠٧: ٢٣-٢٥).

### ٢-٤ .ڕێوڕەسمی ئیجازەدان:

ماوەی خوێندنی فەقێکان لە سیستەمی حوجرەکاندا ماوەیەکی دیاریکراو و جێگیر نەبووە وەک قوتابخانە هاوچەرخەکان، بەڵکو بەپێی چەند پێوەرێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە نێوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ خوێندن، کاتێک مامۆستا دڵنیا دەبووەوە لە توانای فەقێکە، ئاهەنگێکی گەورەی بۆ ساز دەکرا. ئەم ئاهەنگە تەنها ئاهەنگێکی ئاینی نەبوو، بەڵکو فێستیڤاڵێکی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیش بوو. خەڵکی ناوچەکە کۆدەبوونەوە، قورئان دەخوێندرا، وتاری ئەدەبی و شیعری پێشکەش دەکرا، تەنانەت هەندێک جار شانۆگەریی کۆمیدیش ئەنجامدەدرا. لە کۆتاییدا مامۆستای "موجیز" مێزەری لەسەری فەقێکە دەکرد و بڕوانامەی دوانزە عیلم بە فێرخوازەکە دەبەخشرا، کە مۆڵەتی شەرعی بوو بۆ فەتوا و وانەوتنەوە (نەجاڕ، ٢٠١٦: ٢٩؛ هەورامی، ٢٠٠٨: ٣٨٥؛ بەرزنجی، ٢٠٠٧: ٢٧).

### بەشی سێیەم: مەڵبەندە زانستییەکان و ڕۆڵی بنەماڵەکان

زۆرینەی گەلی کورد پابەندی ئاینی ئیسلامن و ڕۆڵێکی کارایان لە بڵاوکردنەوە و خزمەتکردنی ئەم ئاینەدا هەبووە. لە کوردستاندا چەندین بنەماڵە دەرکەوتوون کە پێگەیان لە جیهانی ئیسلامیدا دیارە، وەک بنەماڵەکانی (نەقشبەندی، شێخ جامی، شێخ نوری بریفکانی، قادری... هتد) (الفیل،١٩٦٥: ٤٩، ٥٠). ئەم پابەندبوونە ئاینیە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بنیاتنانی مزگەوت و حوجرە هەبووە، بەجۆرێک زۆربەی گوندەکانی کوردستان قوتابخانەی ئاینییان تێدا دروستکراوە. لەم ناوەندانەدا قوتابییان گرنگترین زانستەکانی سەردەمیان خوێندووە، کە ئاستی زانستییان هیچی کەمتر نەبووە لەو زانستانەی لە زانکۆکانی جیهانی ئیسلامیدا دەوترانەوە (حەسەن، ٢٠٠٨: ٣٤١). بنەماڵە زانستییەکانی (ئیبن ئادەم، شێخ وەتمان، ڕوستێ، گەلاڵی، وەڵزێ و وەسان، )، وەک کۆڵەکەی سەرەکیی مەعریفە، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پەرەپێدانی زانست و پاراستنی زمانی کوردیدا گێڕاوە؛ هاوکات سەرچاوەی هۆشیاریی نەتەوەیی و ئاراستەکردنی ڕای گشتی بوون لە ناوچەکەدا (بەحرکەیی، ٢٠١٠:٢٢-٢٥؛ مزووری، ٢٠١٤: ١١٢).

### ٣-١ .حوجرەی ڕۆستێ لە دەڤەری باڵەکایەتی:

خاوەنی پێگەیەکی مێژوویی و زانستیی دیار بوون. ئەم گوندە بە حوجرە دێرینەکەی ناسراوە، کە تێیدا چەندین زانا و مامۆستای ئاینی پێگەیشتوون و ڕۆڵێکی کارایان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا بینیوە (اسماعیل، ١٩٨٤: ٢٤).مێژووی ڕۆستێ بەستراوەتەوە بە هەوڵی دوو بنەماڵەی زانستپەروەر کە پێشەنگی بڵاوکردنەوەی زانست بوون.

٣-١-١ .بنەماڵەی محەمەد ئیبن ئادەم:

٣-١-١-١ .محەمەد ئیبن ئادەمی باڵەک(١٧٥٠-١٨٤٤ز)؛ ژیاننامە و بەرهەمە زانستییەکانی:کە لە نێوەندە زانستییەکاندا بە (ئیبن ئادەمی باڵەک) ناسراوە، یەکێکە لە دیارترین زانا، ئەستێرەناس و شاعیرە کوردەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم. ناوبراو لە گوندی ڕۆستێ دەڤەری باڵەکایەتی لەدایکبووە و دوای وەرگرتنی زانست لای باوکی و زانایانی وەک عەبدوڵڵا بەیایزی، لە شارە گەورەکانی وەک سلێمانی، مەهاباد و شنۆ درێژەی بە خوێندن داوە و



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٢

لە هەردوو بواری زانستە گواستراوە (نەقڵی) و ئەقڵییەکاندا گەیشتووەتە پلەی باڵا (وەیسی، ٢٠٢٢: ٢٦٩-٢٧٠؛ رشید، ٢٠١٨: ١٠٠٥). بەڵگەنامە مێژووییەکان دەریدەخەن کە لە ساڵانی (١١٩٤- ١٢٢٦)ی کۆچیدا لە ناوچەی سابڵاغ ژیاوە و سەرقاڵی نووسین بووە (قەرەداغی، ٢٠٠٠: ٢٤٩). هەروەها وەک دادوەر و موفتی لە سەردەمی میر محەمەدی سۆران (١٨١٣-١٨٣٦) لە ڕواندز خزمەتی کردووە، بەڵام بەهۆی هەڵوێستە بوێرەکانییەوە دوورخراوەتەوە (رشید، ٢٠١٨: ١٠٠٥). ئیبن ئادەم مرۆڤێکی هەقبێژ و خاوەن ئیرادە بووە، دۆستایەتی مرۆڤی زۆردار و دەسەڵاتدارانی نەکردووە و هەموو توانایەکی خستووەتە گەڕ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەم (مزوری، ١٩٩٨: ٥٨).

ئیبن ئادەم خاوەنی پێگەیەکی زانستیی باڵا بووە و حوجرەکەی لە گوندی (ڕۆست) وەک مەڵبەندێکی گرنگی ئەکادیمی کاری کردووە. پۆلێک لە زانایانی هەڵکەوتووی کوردستان لە بەردەستیدا وانەیان خوێندووە؛ لە دیارترینیان (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە، کە بەپێی گێڕانەوەی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری، مەولانا خالید زانستە باڵاکانی لەلای ئیبن ئادەم تەواو کردووە و بە گەورەی زانایانی عێراق وەسفی کردووە (وەیسی، ٢٠٢٢: ٢٧١؛ مزوری، ٦٧-٦٨). هەروەها کەسایەتیی دیاری وەک (حاجی قادری کۆیی) شاعیر، (مەلا محەمەدی خەتی)، (مەلا عەلی وەسانی) خەلیفەی مەولانا خالید، و (مەلا عەبدوڵڵای جەلی) لەو فەقێیانە بوون کە لە کانیاوی زانستیی ئەم زانا یە سوودمەند بوون (مزوری،١٩٩٨: ٦٧-٦٨). ناوبانگی زانستیی ئیبن ئادەم سنووری میرنشینی سۆرانی تێپەڕاندووە، ئەمەش لە ڕووداوی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئاڵۆزی سوڵتان سەلیمی سێیەم (یان موستەفای سێیەم) دەردەکەوێت، کە دوای ئەوەی قوتابییەکانی وەڵامەکەیان بە مەحاڵ زانیوە، ئەو بە لێهاتوویی شیکاری بۆ کردووە و پاداشتێکی گەورەی ٢٠٠٠ دیناری پێ بەخشراوە.(Ahmed, Hassan and Omar, 2025: 72-73)

شایانی باسە لە ڕووی بەرهەمی زانستییەوە، ئیبن ئادەم خاوەنی میراتێکی دەوڵەمەندە. قەرەداغی ئاماژە بە پتر لە ٤٠ بەرهەم دەکات (قەرەداغی، ٢٠٠٠: ١٩٠-٢٢٢)، لەکاتێکدا بەپێی سەرچاوەی تر ژمارەی دەستنووسەکانی لە (١٠٠) کتێب و نامیلکە تێدەپەڕێت (مزوری،١٩٩٨: ٧٠). بەرهەمەکانی بوارە جیاوازەکانی وەک مەنتیق، کەلام، گەردوونناسی، بیرکاری، ڕێزمان و بەلاغە دەگرنەوە. لە گرنگترین بەرهەمەکانی: (شەرحی زیجی ئولوغ بەگ) لە گەردوونناسیدا، (حاشییە لەسەر شەرحی چەغمینی)، (تەحریری بەلاغە)، (مصباح الخافية) و (حاشییە لەسەر ئەشکالی تەئسیس) و هەروەها حاشییەی ورد لەسەر کتێبی "مەولانا موسڵیحەدین" (مزوری،١٩٩٨: ٧٠-٧٥؛ قەرەداغی، ٢٠٠٠: ٢٤٧). خەسڵەتێکی دیاری ئیبن ئادەم، بایەخدانی بووە بە زمانی کوردی و شوناسی نەتەوەیی. لە پێشەکیی کتێبی "میشکاتول مەنقوولدا" بە توندی بەرگری لە بەکارهێنانی زمانی دایک کردووە بۆ گەیاندنی زانست (وەیسی، ٢٠٢٢: ٢٧٨). ئەو لە پەراوێزی نووسینەکانیدا ڕەخنەی لەو کەسانە گرتووە کە حاشا لە کوردبوونی خۆیان دەکەن و ویستوویەتی بیسەلمێنێت کە زمانی کوردی شایستەی زانستە (مزوری، ١٩٩٨: ٥٧-٥٨). هەروەها خاوەنی دیوانێکی شیعرییە بە شێوازی (ملمع) و (خماسیات و سباعی) (قەرەداغی، ٢٠٠٠: ١٩٠-٢٢٢). دواجار ناوبراو لە ساڵی ١٨٤٤ز لە گوندی کۆنەخانان لە نزیک گوندی دێڵزە کۆچی دوایی کردووە (رشید، ٢٠١٨: ١٠٠٤).

٣-١-١-٢ .ڕۆڵی زانستی مەلا عەبدوڵڵای ئەحمەد (گرتکی): مەلا عەبدوڵڵای کوڕی مەلا ئەحمەد، کە لە سەرچاوەکاندا بە (مەلا عەبدوڵڵای گرتکی) ناسراوە، یەکێکە لە زانا دیارەکانی

ناوچەی باڵەکایەتی. ناوی تەواوی (عەبدوڵڵا)ی کوڕی (مەلا ئەحمەد)ی کوڕی (عەبدولخالق)ی کوڕی (مەلا محەمەد)ی کوڕی (مەلا ئادەم)ە و باوکی بە (خەلیفە مەلا ئەحمەد) ناسراو بووە (بەحرکەی، ٢٠١٠: ١٢٧). بەپێی گێڕانەوە مێژووییەکان، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦١ی زایینی لە گوندی (ڕۆست)ی سەر بە ناوچەی باڵەکایەتی لەدایکبووە (مزوری، ١٩٩٨: ٧٧). قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە گوندی (ڕۆست) لەلای باوکی دەست پێکردووە، پاشان بۆ پەرەپێدانی زانستەکەی ڕووی کردووەتە گوندی (خەتێ) لە ناوچەی خۆشناوەتی و لەلای (مەلا ئیبراهیم) بەشێک لە زانستە ئیسلامییەکانی خوێندووە. سەبارەت بە تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لەوێ، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ڕوون نییە ئایا لە گوندی (خەتێ) ئیجازەی وەرگرتووە یان نا، بەڵام ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە کە دواتر گەڕاوەتەوە بۆ گوندی (گرتک) و وەک زانایەکی ئاینی و مەلا دەستبەکار بووە (مزوری، ١٩٩٨: ٧٧). هەروەها ئاماژە بەوە کراوە کە ماوەیەکیش لە بیارە لە خزمەت (شێخ عومەر)دا بووە و لەوێش دەرس و وانەی خوێندووە (مدرس، ١٩٨٣: ٥٢٢). مەلا عەبدوڵڵا پەیوەندییەکی زانستیی لەگەڵ مەلا ئەسعەد ئەفەندی خەیلانی هەبووە و مەلا ئەسعەد وەک کەسایەتییەکی زانا باسی کردووە (بەحرکەی، ٢٠١٠: ١٢٧). ناوبراو خاوەنی زیرەکییەکی زۆر بووە و وانەکانی بەبێ کتێب بە فەقێکان وتووەتەوە؛ چەندین زانای وەک (مەلا سادقی گرتکی) و (مەلا محەمەد ئەمینی وەردی) لەسەر دەستی ئەودا پێگەیشتوون (مزوری، ١٩٩٨: ٧٨).

قۆناغی ناوەڕاستی ژیانی مەلا عەبدوڵڵا بە بەشداریکردنی کارا لە ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکەدا دەناسرێتەوە. لە ساڵی ١٩١٧دا، کاتێک ناوچەکە ڕووبەڕووی گرانی و برسێتی بووەوە، مەلا عەبدوڵڵا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە لە پاراستنی ئاسایشی گوندی (گرتک) و ڕووبەڕووبوونەوەی دز و جەردەکان، هەروەها بەخشندە بووە لە یارمەتیدانی لێقەوماوان (مزوری، ١٩٩٨: ٨١). هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخەدا، لەشکرکێشیی سوپای ڕووسیا بۆ سەر ناوچەی ڕەواندوز دەستی پێکرد. لەم قۆناغەدا، مەلا عەبدوڵڵا وەک فەرماندەیەکی مەیدانی دەرکەوت و بە هاوکاریی (شێخ وەهابی پیرەسنی) و (مەلا محەمەد ئەمینی هەوێلانی)، سەرپەرشتیی هێزێکی کوردییان کرد لە چیای (زۆزک) و شەڕێکی بەرگریی سەختیان دژی سوپای ڕووس ئەنجام دا، کە بووە هۆی دواخستنی پێشڕەوییەکانی سوپای ڕووس (مزوری، ١٩٩٨: ٨٢). دواتر بەهۆی ڕەتکردنەوەی ستەمی دەسەڵاتدارانی ناوچەی باڵەک، ناچار بووە زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت و ڕوو بکاتە ناوچەی موکریان؛ سەرەتا لە (لاجان) و دواتر لە گوندی (پەسوە) لەلایەن (قەرەنی ئاغا)ی سەرۆک هۆزی مامەشەوە پێشوازی لێ کراوە و لەوێ نیشتەجێ بووە (مزوری، ١٩٩٨: ٧٩-٨٠؛ بەحرکەی، ٢٠١٠: ١٢٧).

لە دوا وێستگەی ژیانیدا، مەلا عەبدوڵڵا لە گوندی (پەسوە) مایەوە و تا کۆتایی تەمەنی بە وانەوتنەوە و ڕێنماییکردنی ئاینیەوە سەرقاڵ بوو. بوونی ئەو لە پەسوە بووە هۆی ئەوەی ئەو گوندە ببێتە ناوەندێکی زانستیی گرنگ و فەقێیەکی زۆر ڕووی تێ بکەن (مدرس، ١٩٨٣: ٥٢٢). لە کۆتایی تەمەنیدا تووشی نەخۆشی بوو و بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر گواسترایەوە بۆ شاری مەهاباد. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان، لە ساڵی ١٩٢٦ی زایینیدا و لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا لە شاری مەهاباد کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بەخاک سپێردراوە (مزوری، ١٩٩٨: ٨٣؛ بەحرکەی، ٢٠١٠: ١٢٧). ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرچاوەی (یادی مەردان) مێژووی کۆچی دواییەکەی بە ساڵانی ١٣٥٦ یان ١٣٥٧ی کۆچی داناوە (مدرس،

١٩٨٣: ٥٢٣). مەلا عەبدوڵڵا لە پاش خۆی سێ کوڕی بە ناوەکانی (مەلا عەلی)، (مەلا محەمەد ئەمین) و (مەلا عەبدولڕەحمان) بەجێهێشتووە، کە ئەوانیش درێژەپێدەری ڕێگەی باوکیان بوون لە بواری زانست و مەلایەتیدا (بەحرکەی، ٢٠١٠: ١٢٧).

گرنگیی ئەم بنەماڵەیە لەوەدایە کە میکانیزمی بەدامەزراوەییکردن و گواستنەوەی میراتی زانستی لە ڕێگەی زنجیرەی خێزانییەوە بەرجەستە دەکات، کە تێیدا دەسەڵاتی مەعریفی لەگەڵ سەرکردایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بووە. هەروەها ڕۆڵیان لە بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک زمانی زانست و دروستکردنی تۆڕێکی پەیوەندیی کولتووری لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پاراستنی شوناس و گەشەی شارستانیی ناوچەی باڵەکایەتی هەبووە.

٣-١-٢ .مەلا عەلی ڕۆستی: یەکێک بوو لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بزووتنەوەی خوێندن و فێرکردن لە ناوچەکەدا. مێژووی ئەم مەڵبەندە زانستییە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە؛ مامۆستا عەلی ڕۆستی لە ساڵی (١٢٤٥ک/١٨٢٩ز)دا، وەک مودەریس و مامۆستای گوندەکە دەستبەکار بووە و ڕۆڵێکی کاریگەری لە پێگەیاندنی فەقێیاندا بینیوە. یەکێک لە دیارترین ئەو زانایانەی لەم قوناغەدا لەوێ خوێندوویەتی، شێخ ئیبراهیم فەسیحی حەیدەری (١٨٢٠-١٨٨٢ز) بووە (بەحرکەیی، ٢٠١٠: ٣٦٠؛ البغدادي، ١٢٨٦: ١٣٩).

٣-٢ .ڕۆڵی حوجرە و بنەماڵەی شێخ وەتمان: گوندی شێخ وەتمان، کە دەکەوێتە قەزای چۆمان لە دەڤەری باڵەکایەتی، یەکێک بووە لە مەڵبەندە زانستییە دێرینەکان. ناوی گوندەکە لە ناوی دامەزرێنەری بنەماڵە زانستپەروەرەکەیانەوە وەرگیراوە. ئەم بنەماڵەیە ڕۆڵێکی کاریگەریان لە بڵاوکردنەوەی زانست و پێگەیاندنی فەقێ و شاعیران و کەسایەتییە ئاینیەکاندا هەبووە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، زیاتر لە ٤٠ زانا و مامۆستای ئاینی لەم گوندە پێگەیشتوون، جگە لە خزمەتکردن لە گوندەکەی خۆیان، لە ناوچەکانی دیکەی وەک (دیلمان، ناوبەرگە و کەوەرتە) و چەندین ناوچەی تری کوردستان ئەرکی پێشنوێژی و وتارخوێنی و وانەوتنەوەیان لە ئەستۆ گرتووە (مزوری، ١٩٩٨: ٩٢).

دیارترین زانایانی ئاینی بنەماڵەی شێخ وەتمان و ناوبەرگە

٣-٢-١ .مەلا مەحموودی کوڕی مەلا عەلی: ناوبراو بە باپیرەگەورە و دامەزرێنەری پێگەی زانستیی بنەماڵەی شێخ وەتمان دادەنرێت. سەرەتای خوێندنی لەلای بنەماڵەکەی خۆی بووە، پاشان بۆ پەرەپێدانی زانستەکەی ڕووی لە گوندی (وەسان) کردووە و لەلای شێخ عەباس خوێندوویەتی. دواتر لە گوندی (ناوبەرگە) حوجرەی دامەزراندووە و دەستی بە وانەوتنەوە کردووە. لە کۆتایی تەمەنیدا گەڕاوەتەوە گوندی شێخ وەتمان و هەر لەوێش بەخاک سپێردراوە. مەلا مەحموود خاوەنی سێ کوڕ بووە بە ناوەکانی (مەلا دەروێش، مەلا حوسێن و مەلا عەبدوڵڵا) کە هەرسێکیان زانای ئاینی بوون. ناوبراو شارەزاییەکی زۆری لە زانستە شەرعییەکاندا هەبووە و پەراوێز (حاشییە)ی لەسەر چەندین کتێبی گرنگ نووسیوە(مزوری، ١٩٩٨: ٩٢-٩٥).

٣-٢-٢ .مەلا محەمەدی کوڕی مەلا عەبدوڵڵا (١٧٨٩ - ١٨٦٧ز): ئەم زانایە کە دەکاتە نەوەی مەلا مەحموود، لە ساڵی ١٧٨٩ز لە گوندی شێخ وەتمان لەدایک بووە. بەیەکێک لە زانا هەڵکەوتووەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێت و لە حوجرەی شێخ وەتمان وانەی وتووەتەوە. چەندین پەراوێزی زانستیی لەسەر کتێبەکانی وەک (پشدەری، شەرحی تەشریح،

ئەشكالولتەئسیس، و ئەستوورلاب) نووسیوە. حوجرەکەی مەڵبەندێکی گرنگ بووە و چەندین کەسایەتیی دیار تێیدا خوێندوویانە، لەوانە: مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (المدرس، ١٩٨٣: ٣٥٢)، حاجی قادری کۆیی، ئیسماعیل چۆمانی و چەندین کەسایەتیی تر (ئەحمەد، ٢٠١٩: ٤٥-٤٦).

بەپێی ساغکردنەوە مێژووییەکان لەسەر ژیانی حاجی قادری کۆیی، لە قۆناغی گەشتی فەقێیەتیدا بۆ ناوچەی باڵەکایەتی بە تەنها نەبووە، بەڵکو لەگەڵ « مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە»ی هاوڕێیدا بووە. ئەم هاوسەفەرییە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی خودی شاعیردا وەک بەڵگەیەکی مێژوویی تۆمار کراوە؛ حاجی قادر لە نامە شیعرییەکدا کە ئاڕاستەی هاوڕێکەی کردووە، وەبیری دەهێنێتەوە کە پێکەوە و لە دۆخێکی سەختدا ڕوویان لەو ناوچەیە کردووە و دەڵێت: "بە بیرت دێ زەمانێ چووینە باڵەک / بە پێخاوسی نە کەوشم بوو نە کاڵەک". ئەم دەقە شیعرییە وەک بەڵگەیەکی سەرەکی پشتڕاستی دەکاتەوە کە پرۆسەی گواستنەوە و خوێندن لەو قۆناغەدا بە هاوبەشی لەنێوان هەردووکیاندا ئەنجام دراوە (محەمەد، ١٩٧٤: ٤١، ١٦٦).

شایانی باسە مەلا محەمەد جگە لە زانستە شەرعییەکان، لە زانستەکانی گەردوونزانی (فەلەک)، کات و بیرکاریدا شارەزاییەکی بێوێنەی هەبووە. مەلا ئەبوبەکر ئەفەندیی هەولێری دەربارەی وتوویەتی: "شایەتی دەدەم سێ سەد ساڵ پێش خۆی و سێ سەد ساڵ دوای خۆی، زانای وا لە زانستی فەلەکدا نەهاتووە و نایەت" . ناوبراو لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی (١٨٦٧ز) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. حەوت کوڕی هەبووە کە زۆربەیان ڕێچکەی باوکیان گرتووە (وەک: مەلا عەبدولڕەحمان، مەلا عەلی، مەلا بایز، مەلا ئیسماعیل، مەلا کاکە ئەحمەد، مەلا تەها و مەلا حوسێن).(مزوری، ١٩٩٨: ١٠٠)

٣-٢-٣ . مەلا عەلی کوڕی مەلا محەمەد (١٨٠٧ - ١٨٦٥ز): لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بە خوێندن کردووە. دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی، سەرەتا لە شێخ وەتمان و پاشان لە ڕەواندوز (لە شوێنی حاجی عومەر ئەفەندی خەیلانی) وانەی وتووەتەوە. خاوەنی پەراوێزی زانستی بووە لەسەر کتێبە ئاڵۆزەکانی وەک (ئیبن حەجەر، فەتحولموعین، مەلا جامی، بەیزاوی، سیووتی و عەبدوڵڵا یەزیدی)(بەحرکەیی، ٢٠١٠، ب٢: ٣٨٨).

٣-٢-٤ .مەلا تەهای کوڕی مەلا محەمەد(١٨٥٣-١٩١٣): دوای خوێندن لای باوکی و گەڕان بەدوای زانستدا، بووەتە مامۆستا لە گوندی شێخ وەتمان و دواتر لە گوندی (بێستانە)ی دەشتی هەولێر بووە بە مەلا (مزوری،١٩٩٨: ١٠٤).

٣-٢-٥ .مەلا تاهیر ئیسماعیل(١٨٦٥-١٩١٩ز): بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ناوی تەواوی بریتییە لە (تاهیر کوڕی مەلا ئیسماعیل کوڕی مەلا محەمەد کوڕی کاک عەبدوڵڵا). . مەلا عەبدولقادری ناوبرەگەی بە یەکێک لە زانا هەڵکەوتوو سەردەمی خۆی وەسفی کردووە. قۆناغەکانی خوێندنی زانستە شەرعییەکانی لە قوتابخانەی (قەڵای هەولێر) تەواو کردووە و لە ساڵی (١٣٢٠ک/ ١٩٠٢ز) مۆڵەتی زانستی (الإجازة العلمية)ی لەسەر دەستی (مەلا ئەبوبەکر بچوک هەولێری) وەرگرتووە (محمد، ٢٠١٦: ٩٦).

شایانی باسە بەرهەمە زانستییەکان و میتۆدی لە تەفسیردا میراتێکی زانستی بەنرخە کە لەدوای خۆی جێهێشتووە، کە گرنگترینیان بریتییە لە پەراوێز و حاشییە لەسەر تەفسیری قورئانی پیرۆز. بە دیاریکراوی، حاشییەی لەسەر (تەفسیری جەلالەین) نووسیوە. میتۆدی ئەو لەم حاشییەیدا ئەوە بووە کە هەشت حاشییەی نوێی زیاد کردووە بۆ سەر حاشییە بەناوبانگەکانی (جەلالەدین مەحەلی و جەلالەدین سیوتی). ئەم بەرهەمە بە گەنجینەیەکی ونبوو دادەنرێت،

چونکە وەک توێژەر ئاماژەی پێ داوە، گەڕان بەدوای دەستنووسە تەواوەکەیدا هێشتا بەردەوامە و هیوای ئەوە هەیە لە ئایندەدا بدۆزرێتەوە (محمد، ٢٠١٦: ٩٨).

هەروەها جگە لە تەفسیر، حاشییەی پەرت پەرت و جیاوازی لەسەر کتێبە زانستییە قورسەکانی دیکە نووسیوە و لە کۆتایی نووسینەکانیدا واژۆی بە ناوی (تاهیر خواجە عەلی) کردووە، کە ئاماژەیە بۆ گوندەکەی (محمد، ٢٠١٦: ٩٨).

شێخ تاهیر لە گوندی (وەرتێ) لە ساڵی ١٩١٩ی زاینی کۆچی دوایی کردووە. لە دەستدانی ئەم زانایە بە زیانێکی گەورە بۆ ئەو سەردەمە هەژمار کراوە، بەڵام قوتابییەکانی شوێنی ئەویان پڕکردۆتەوە و درێژەیان بە ڕێبازی وانەوتنەوە و نووسین داوە (محمد، ٢٠١٦: ٩٨).

٣-٢-٦ .مەلا عەلی کوڕی مەلا عەلی (شەهیدی دەستی ڕووس): لەساڵی ١٨٦٦ز لەلای بنەماڵەکەی ڕەواندوز دەستی بە خوێندن کردووە و دواتر لە شێخ وەتمان بووەتە مامۆستا. حوجرەکەی هەمیشە پڕ بووە لە فەقێ (جار هەبووە گەیشتووەتە ٥٠ فەقێ). لە قوتابییەکانی: مەلا کاکە ئەحمەدی ناوبەرگەیی و مەلا محەمەدی کوڕی، و شێخ سەعیدی شێخ کەمالی زینوەیی. ئەم زانایە کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر بووە؛ لە ساڵی ١٩١٧ز بەشداریی لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشی سوپای ڕووسیا بۆ سەر باڵەکایەتی کردووە و هەر بە دەستی ئەوانیش شەهید بووە و لە ساڵی ١٩٢٢ز بەخاک سپێردراوە(مزوری،١٩٩٨: ١٠٥، ١٠٦).

گرنگیی ئەم بنەماڵەیە لە ڕۆڵیان وەک "ناوەندێکی بەرهەمهێنانی مەعریفیی فرەچەشن" دەردەکەوێت؛ بەتایبەتی لە بواری زانستە عەقڵییەکانی وەک فەلەکناسی و بیرکاریدا، کە بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی ناوچەکە لە چوارچێوەیەکی تەقلیدییەوە بۆ ئاستێکی ئەکادیمیی پێشکەوتوو. هەروەها تێکەڵبوونی ڕۆڵی زانستییان لەگەڵ بەشداریی کارایان لە بەرگریی نیشتمانی.

٣-٣ .ڕۆڵی حوجرەی زانستیی و بنەماڵەی مەلا عەبدوڵڵای وەڵزی لە باڵەکایەتی:

گوندی وەڵزێ: گوندی وەڵزێ خاوەنی پێگەیەکی دیارە لە مێژووی ڕۆشنبیریی ناوچەی باڵەکایەتیدا. گرنگیی ئەم گوندە لەوەدا دەردەکەوێت کە توانیویەتی لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا پارێزگاری لە پێگە کۆمەڵایەتی و زانستییەکەی بکات. وێڕای سەختیی ژیان و دووری لە مەڵبەندە گەورەکانی شار، وەڵزێ بووەتە قوتابخانەیەک بۆ پێگەیاندنی نەوەیەک لە زانا و دانا کە خزمەتیان بە میراتی ڕۆشنبیریی کوردی کردووە. بوونی بنەماڵە ڕەسەن و زانستخوازەکانی وەک نەوەکانی (مەلا عەلی فەوزی) لەم گوندەدا، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە لەسەر قوڵایی شارستانی و ڕۆشنبیریی گوندی وەڵزێ، کە شایانی ئەوەیە وەک بەشێکی گرنگ لە مێژووی زانستیی کوردستان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت ژیاننامە و ڕۆڵی زانایانی بنەماڵەی وەڵزی:

٣-٣-١ .مەلا عەبدوڵڵای کوڕی عەبدولقادر وەڵزی (١٨٥١ - ١٩٣٠ز): مەلا عەبدوڵڵا نەوەی مەلا عەلی (فەوزی)یە، لە ساڵی ١٨٥١ز لە گوندی (وەڵزێ)ی ناوچەی باڵەکایەتی لەدایک بووە. ناوبراو یەکێک بووە لە قوتابییە دیارەکانی مامۆستا (مەلا عەلی قزلجی) و لە زانستە عەقڵییەکاندا (وەک: بیرکاری، مەنتق، حیکمەت و کەلام) شارەزاییەکی باڵای هەبووە. لە ڕووی پیشەییەوە، ماوەی ٢٠ ساڵ لە گوندی (پەسوێ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای محەمەد ئاغای مامەش وانەی وتووەتەوە. پاشان لە ساڵی ١٨٩٥ز ڕووی کردووەتە ناوچەی بۆکان و دواجار لە گوندی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 2
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

(تورجان) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاننجێگیر بووە؛ هەر لەوێش (مەلا عەبدولقادری کانی کەو) یەکێک بووە لە فەقێ دیارەکانی. مەلا عەبدوڵڵا لە ساڵی ١٩٣٠ز کۆچی دوایی کردووە و لە تەنیشت مامۆستاکەی بەخاک سپێردراوە. چوار کوڕی لەدوای خۆی جێهێشتووە (عەلی، عەبدولقادر، محەمەد ئەمین و عەبدولڕەحمان) کە سەرجەمیان ڕێچکەی باوکیان گرتووە و بوونەتە مەلا (بەحرکەیی، ٢٠١٠، ب١: ٢٣٦-٢٣٧؛ المدرس، ١٩٨٣: ٣٥٨)

٣-٤ .پێگەی زانستیی حوجرەی گەڵاڵە و ڕۆڵی زانایانی لە دەڤەری باڵەکایەتی:

حوجرەی گەڵاڵە بە یەکێک لە مەڵبەندە زانستییە دیارەکانی ناوچەی باڵەکایەتی دادەنرێت، کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە برەودان بە زانستە ئاینیەکان و خزمەتکردنی مزگەوتدا هەبووە. ئەم مەڵبەندە بووەتە لانکەی پێگەیاندنی چەندین زانای هەڵکەوتوو، کە دیارترینیان بریتین لە:

٣-٤-١ .مەلا ئەحمەدی گەڵاڵی (١٢٦٩ک/١٨٥٣ز): مەلا ئەحمەد کوڕی عەلی گەڵاڵی، بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی بنەماڵەی زانستپەروەری گەڵاڵە ئەژمار دەکرێت (البغدادي، ١٢٨٦: ١١٨) .ناوبراو بەهۆی قووڵبوونەوەی لە زانستە شەرعی (نەقلی) و عەقڵییەکاندا، توانایەکی بەرز و دەگمەنی لە شیکارکردنی پرسە ئاڵۆزەکاندا هەبووە (مزوری، ١٩٩٨: ٣٢).

مەلا ئەحمەد بۆ بەدەستهێنانی زانست و مەعریفە گەشتی کردووە و لەسەر دەستی چەندین زانای ناوداری سەردەمی خۆی خوێندوویەتی و مۆڵەتی زانستی (ئیجازە)ی وەرگرتووە، لەوانە: مەلا محەمەدی خەتێ، مەلا ئەبوبەکری میر ڕۆستەمی، مەلا عەلی وەسانی (خەلیفەی مەولانا خالید)، مەلا یەحیای مزووری و مەلا عەبدولڕەحمانی ڕۆژبەیانی (بەحرکەیی، ٢٠١٠: ٣٢).

هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ (شێخ ئیبراهیم فەسیحی حەیدەری) هەبووە و نزیکەی ٢٠ کتێبی لای ناوبراو خوێندووە؛ شێخ ئیبراهیم بە ڕێزەوە باسی لێوە کردووە و ئاماژەی بەوە داوە کە مەلا ئەحمەد زۆربەی کاتەکانی بۆ وانەوتنەوە تەرخان کردووە. خودی مەلا ئەحمەدیش وەک وەفایەک بۆ ئەو بنەماڵەیە فەرموویەتی: "ئەمە مافی باو و باپیرانی حەیدەرییەکانە لەسەر ئێمە، چونکە ئەوان مامۆستای زۆربەی مەلایانی کوردستانن" (الحيدري، ١٨٧٠: ١١٨-١٣٩).

جگە لە شارەزایی لە زانستە شەرعییەکاندا، ناوبراو لە بوارەکانی لۆژیک (مەنتق)، فەلسەفە (حیکمەت) و زمانەوانیدا دەستێکی باڵای هەبووە. ئەم زانایە خاوەنی چەندین بەرهەمی زانستییە، کە دیارترینیان کتێبی (صفوة التفاسير)ە، هەروەها نووسینی پەراوێز (حاشیە) و ڕاڤە لەسەر کتێبەکانی (شەرحی حیسامەدین) و (حاشیەی لاری). بەرهەمەکانی بەهۆی پربەهاییانەوە، وەک سەرچاوە و پرۆگرامی خوێندن لە حوجرە و قوتابخانە ئاینیەکانی عێراقدا پشتیان پێ بەستراوە. دواجار دوای تەمەنێک خزمەت بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، لە ساڵی ١٢٦٩ی کۆچی لە شاری دیمەشق کۆچی دوایی کردووە (المدرس، ١٩٨٣: ٦١).

٣-٤-٢ .مەلا عەبدوڵڵای گەڵاڵی: یەکێکی دیکە لەو زانایانەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە بوژاندنەوەی حوجرەی گەڵاڵەدا هەبووە، مەلا عەبدوڵڵای گەڵاڵی بووە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، شێخ ئیبراهیم فەسیحی حەیدەری لە کتێبی «عنوان المجد»دا، وەسفی مەلا عەبدوڵڵای کردووە بەوەی کە یەکێک بووە لە زانا پایەبەرز و تەمەندرێژەکانی (المعمر) سەردەمی خۆی (المدرس، ١٩٨٣: ٣٣٧).

لە ڕووی زنجیرەی زانستییەوە، مەلا عەبدوڵڵا دەرچووی قوتابخانەی زانایانی وەک "محەمەد کوڕی ئادەم"(البغدادي، ١٢٨٦: ١٤٥) و هەردوو بنەماڵەی ناوداری "بایزیدی" و "حەیدەری" بووە (اسماعیل، ١٩٨٤: ١٠٠-١٠١)، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕەسەنایەتی و بەرزیی ئاستی زانستییەکەی. کاریگەریی ئەم زانایە لەوەدا دەردەکەوێت کە توانیویەتی نەوەیەکی باش پێبگەیەنێت؛ چەندین مامۆستای وەک (مەلا ئەحمەدی گەلاڵی) و (مەلا ئیبراهیمی ڕەمەکی) لەسەر دەستی ناوبراو خوێندوویانە(بەحرکەیی، ٢٠١٠: ١٧٢). سەبارەت بە کۆچی دوایی، سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ماڵئاوایی لە ژیان کردووە (مزوری، ١٩٩٨: ٣١).

شایانی باسە گرنگیی ئەم بنەماڵەیە لەوەدایە کە ئاستی حوجرەکەیان لە ناوەندێکی فێرکردنی ناوخۆییەوە گواستووەتەوە بۆ قۆناغی بەرهەمهێنانی مەعریفی لە ڕێگەی نووسینی کتێبی مەنهەجییەوە کە لە عێراقدا کراوەتە سەرچاوە. هەروەها تۆڕی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بنەماڵە زانستییەکان و جووڵەیان بەرەو ناوەندەکان تری کوردستان، بەڵگەی تێکەڵبوونی ئەکادیمی باڵەکایەتییە لەگەڵ سیستەمی خوێندنی باڵای ناوچەکانی تری کوردستان.

٣-٥. پێگەی مێژوویی و زانستیی گوندی وەسان

گوندی وەسان لە نەخشەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی دەڤەری باڵەکایەتیدا، خاوەنی قوڵاییەکی مێژوویی و پێگەیەکی دیارە. ئەم گوندە وەک یەکێک لە ناوەندە دێرینەکان، تەنها یەکەیەک بۆ نیشتەجێبوون نەبووە، بەڵکو لە ڕووی مێژووییەوە وەک مەڵبەندێکی کاریگەری ئاینی و مەعریفی ڕۆڵی بینیوە. ئەم ژینگە زانستییە بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی گوندی وەسان ببێتە لانکەی پێگەیاندنی چەندین بنەماڵەی زانستی و دەرکەوتنی نوخبەیەک لە زانایانی ئاینیی هەڵکەوتوو کە جێدەستیان لە بزاڤی خوێندن و فێرکردندا دیار بووە.

٣-٥-١ .مەلا محەمەد وەسانی: مێژووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی گوندی وەسان لە دۆڵی باڵەیان خاوەنی ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینە کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، بەو پێیەی بەڵگەنامەکان ئاماژە بە بوونی ناوەندێکی زانستیی جێگیر دەکەن بەر لە هاتنی سەدەی هەژدە. دەرخەری ئەم ڕاستییە بوونی گۆڕستانێکی دێرینە لە گوندەکەدا کە تیایدا ژمارەیەک لە زانایان و فەقێیانی وڵاتانی تر دەکات بە پەتای تاعون (کە دیارترین شەپۆلەکانی لە ساڵانی ١٧٧٣ و ١٨٣١دا بووە) کۆچی دواییان کردووە، ئەمەش نیشانەی بوونی کۆمەڵگەیەکی زانستیی ئاوەدانە لەو قۆناغە مێژووییەدا. هاوتەریب لەگەڵ لایەنی زانستی، پێگەی سیاسی و نیشتمانیی ئەم بنەماڵەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەرکەوتووە، بەتایبەت لە ڕووداوی شەهیدبوونی (حاجی مەلا شێخ محەمەد) لە کوردستانی باکور، کە ئاستی پەیوەندیی و تێکەڵاویی زانایانی ناوچەکە بە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و ئایینییەوە دەردەخات.(وەسانی، ٢٠٢٦).

لە ڕووی بەرهەمی مەعریفی و دامەزراوەییەوە، کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بە خاڵی وەرچەرخان دادەنرێت لە گواستنەوەی زانست لە ڕیوایەتی زارەکییەوە بۆ تۆمارکردنی نووسراو. ئەم قۆناغە بە هەوڵەکانی (مەلا کاک ئەمین) دەست پێ دەکات، کە لە ساڵی(١٨٩٣-١٨٩٤ز) هەستاوە بە نووسینەوەی کتێبی (عصام الدين)، ئەمەش کۆنترین بەڵگەی دەستنووسە لەبەردەستمان کە پشتڕاستی دەکاتەوە بزاوتی خوێندن و نووسین لەم دەڤەرەدا پێش خوێندنی فەرمی لە ئاستێکی بەرزدا بووە. ئەم چالاکییە زانستییە لەسەر ژێرخانێکی ئاییننی پتەو بنیات نراوە، کە بریتی بووە لەو مزگەوت و حوجرە لەلایەن باوکییەوە (مەلا شێخ محەمەد) لە هەمان

سەدەدا دامەزرێنراوە، وەک ناوەندێک بۆ پێگەیاندنی نەوەی نوێی زانایان و پاراستنی میراتی ڕۆشنبیریی ناوچەک.پاشکۆی ژمارە (١)

٣-٥-٢ .مەلا عەلی وەسانی:یەکێک لە دیارترین ئەو کەسایەتییانەی کە ناوی گوندی وەسانی بەرز ڕاگرتووە، (مامۆستا مەلا عەلی وەسانی)یە. ئەم زانایە لە ڕووی پێگەی زانستی و کۆمەڵایەتییەوە خاوەن پلەیەکی بەرز بووە، ناوبراو پەروەردەی دەستی مامۆستا (مەلا محەمەدی کوڕی ئادەمی باڵەک) بووە، کە یەکێک بووە لە مامۆستاکانی سەردەمی خۆی (الحيدري، ١٨٧٠: ١٤٥).لە ڕووی مەعنەوییەوە، مەلا عەلی گەیشتووەتە پلەیەک کە بووەتە یەکێک لە خەلیفە متمانەپێکراوەکانی (مەولانا خالیدی شارەزووری - نەقشبەندی)، ئەمەش دەری دەخات کە ناوبراو لە هەردوو زانستی ڕواڵەت (شەریعەت) و ناخ (تەریقەت)دا پێشەنگ بووە (المدرس، ١٩٨٣: ٣٩٤-٣٩٥).

مایەی ئاماژە پێکردنە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە زانستییەکان مەلا عەلی وەسانی، نووسینی پەراوێز و ڕاڤە (حاشیە) بووە لەسەر کتێبی (حاشیەی قەرەباغی). بۆ تێگەیشتن لە گرنگیی ئەم بەرهەمە، پێویستەچەند ڕوونکردنەوەیەک بکرێت :مەبەست لە (حاشیەی قەرەباغی)، ئەو ڕاڤە و پەراوێزانەیە کە مامۆستا (مەلا یوسفی کوڕی محەمەدی جان قەرەباغی) نووسیوێتی. قەرەباغی (کۆچی دوایی: ١٠٣٤ک/١٦٢٤ز) زانایەکی ناوداری بواری مەنتق و کەلام بووە و خەڵکی شاری مەغنیسیا بووە. کتێبەکانی هێندە ورد و قووڵ بوون کە بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆگرامی خوێندنی حوجرە ئاینیەکانی کوردستان (الزركلي، ٢٠٠٢: ٢٥٢). مەلا عەلی وەسانی "حاشیە لەسەر حاشیە"؛نووسیوە. واتە ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر دەقە ئاڵۆزەکانی قەرەباغی نووسیوە تا فەقێ و خوێنەران باشتر لێی تێبگەن. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر توانای باڵای مەلا عەلی لە زانستە عەقڵییەکاندا.کاریگەریی زانایانی بیانی: هەرچەندە قەرەباغی بە ڕەچەڵەک کورد نەبووە، بەڵام بەرهەمەکانی کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر ناوەندە زانستییەکانی کوردستان هەبووە. بوونی دەستنووسەکانی مەلا عەلی وەسانی لەسەر کتێبەکانی قەرەباغی لە کتێبخانە تایبەتەکانی زانایانی کورددا، ئاستی بەرزی پەیوەندیی زانستی و گرنگیدانی زانایانی کورد بە سەرچاوە زانستییە جیهانییەکان دەردەخات (قەرەداغی، بەرگی ٣: ١٢٥).

گرنگیی مێژوویی گوندی وەسان لەوەدایە کە وەک دامەزراوەیەکی مەعریفی و ئەکادیمیی سەربەخۆ کاری کردووە، نەک تەنها وەک یەکەیەکی جوگرافی بۆ نیشتەجێبوون.ئەم گوندە نموونەی زیندووی گواستنەوەی شارستانییەتی کوردییە لە قۆناغی زارەکییەوە بۆ قۆناغی نووسینەوە و بەڵگەنامەیی وەک زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان، بەر لە دەرکەوتنی سیستەمی خوێندنی فەرمی.

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە چەند ئەنجامێکی گرنگ:

١ .دەرکەوت کە حوجرەکانی باڵەکایەتی تەنیا شوێنی فێربوونی پەرستش نەبوون، بەڵکو وەک "دامەزراوەی زانستی مەنهەجی" کاریان کردووە. سیستەمی خوێندن تێیاندا پشتئەستوور بووە بە پرۆگرامێکی قۆناغبەندیی ورد کە هاوسەنگیی لە نێوان زانستە نەقڵییەکان (شەرعی) و زانستە

عەقڵییەکــان (وەک فەلەکناســی، مەنتیــق، و فەلســەفە) ڕاگرتــووە، ئەمەش ئاســتی زانســتیی حوجرەکـانی لە ڕیـزی ناوەنـدەکانی خوێنـدن لە کوردسـتان و عێراقـی ئەو سـەردەمەدا جێگیـر کردووە.

٢ .تـوێژینەوەکە دەریخسـت کە لەو قۆنـاغە مێـژووییەدا، نـاوچەی باڵەکـایەتی بێـبەش بـووە لە هەبوونی سیستەمی خوێندنی فەرمـی و قوتابخـانەی حکومـی، بۆیە حوجرەکان نەک تەنیا وەک جێگرەوە، بەڵکو وەک مـودێلێکی پێشـکەوتووی دەرکەوتـوون. لە دۆخێکـی بێ دامەزراوەییدا، حوجرەکـان توانیویـانە ئاسـتێکی زانسـتی و خوێندەواری دابین بـکەن کە لەپـێش سـەردەمەکەی خۆیەوە بووە و تا ڕادەیەکی باش بۆشایی نەبوونی کەرتی پەروەردەی حکومیی پڕکردۆتەوە.

٣ .سەختیی هەڵکەوتەی تۆپۆگرافی و دابڕانـی جوگرافیی نـاوچەی باڵەکایەتی، لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆکاری پەراوێزخستن، وەک پاڵنەرێکی ئەرێنی بۆ "چڕبوونەوەی زانستی" ڕۆڵی بینیوە. ئەم ژینگەیە دەرفەتـی ڕەخسـاندووە بۆ دروسـتبوونی کەشـێکی زانسـتی ئـارام و سـەربەخۆ، کە بـووەتە هـۆی ئەوەی نـاوچەکە ببێتە ناوەنـدێکی کێشـکەر بـۆ فێرخـوازان لە ناوچەکـانی دیـکەی کوردستانەوە.

٤ .دەرکەوت کە پرۆسەی فێرکردن لە باڵەکایەتیدا پشتی بە هەوڵی تاکەکەسی نەبەستووە، بەڵکو لە ڕێـگەی "بەدامەزراوەییکردنـی خێزانـی"یەوە بەڕێوەچـووە. بنەمـاڵە دیارەکـانی وەک (ئیبن ئادەم، شێخ وەتمان، ڕوستێ، گەلالی، وەڵزێ و وەسان) وەک قوتابخانەی هزری خـاوەن نەریت کاریـان کـردووە و زەمینەیـان بـۆ پاراسـتن و گواسـتنەوەی میراتـی زانسـتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە فەراهەم کردووە.

٥ .حوجرەکانی باڵەکـایەتی ڕۆڵێکـی ستراتیژییان لە پاراستن و گەشـەپێدانی شوناسـی نەتەوەییدا بینیوە. لەم ناوەنـدانەدا، زمـانی کـوردی وەک ئـامرازی سـەرەکیی لێکتێگەیشتن و شـیکردنەوەی دەقە ئاڵۆزە زانستییەکان بەکار هاتووە، ئەمەش بووەتە هۆی دروستکردنی بناغەیەکی مەعریفیی کوردی و ڕێگری لە تواندنەوەی کولتووری کردووە.



**پاشکۆی ژمارە(١) لە ئەرشیفی د. کمال ملا کاکە احمد**

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: کتێبە کوردییەکان:**


-ئاودەلی، فاخر عالی (٢٠١٤) ڕۆڵی زانایانی ئاینیی لە ژیانی سیاسی هەولێر ١٩٤٥-١٩٧٥، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

-ئەحمەد، ڕێبین مەلا (٢٠١٩) لە بومەڵێڵەوە بۆ زەردەپەڕ: لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ئەدەبیاتی باڵەکایەتی ١٨٠٠ز تاکو ١٩٠٠ز، [بێ شوێنی چاپ]، [بێ شوێنی بڵاوکردنەوە].

- ئێنەیی، مەلا محمد مەلا اسماعیل (٢٠١٧) ڕۆڵی لیژنەی فەتوا لە کوردستان (چاپی یەکەم)، [بێ شوێنی چاپ]، هەولێر.

- بەحرکەیی، طاهر عبداللە (٢٠١٠) مێژووی زانایانی کورد (بەرگی ١)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

-بەحرکەیی، طاهر عبداللە (٢٠١٠) مێژووی زانایانی کورد (بەرگی ٢)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- بەحرکەیی، طاهر عبدالله (٢٠١٠) مێژووی زانایانی کورد (بەرگی ٣)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
- بەرزنجی، عمر شێخ لەتیف (٢٠٠٧) رەوشی حوجرە لە پێگەیاندنی زانا ئاینیەکانی شاری هەولێر، چاپخانەی منارە، هەولێر.
-حەسەن، غازی (٢٠٠٨) خوێندەواری ڕێگەیەکی سەخت و درێژ لە کوردستاندا، دەزگای ئاراس، هەولێر.
-خەزنەدار، مارف (٢٠١٠) مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی ٢، چاپی ٢)، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
-ڕوستی، نیاز (٢٠٠٧) جوگرافیای دەڤەری باڵەکایەتی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- سجادی، عەلائەدین (١٩٥٢) مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی مەعاریف، بەغداد.
-شاخەوان، گۆران (٢٠١٥) چەپکێک لە و فەرهەنگی باڵەکایەتی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
-صالح، ئاراس محمد (٢٠١٨) زانایانی ئیصلاح و نوێکردنەوەی ئاینی لە کوردستان، ناوەندی سارا، سلێمانی.
-عومەر، ڕێباز دلاور (٢٠٢١) پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلولدا ١٩٦١ -١٩٧٥، سەنتەری بێشکچی بۆ ڤەکۆلینێن مرۆڤایەتی، دهۆک.
-قەرەداغی، محەمەد عەلی (بێ ساڵ) دەستنووسە پیرۆزەکان (بەرگی سێیەم)، [بێ شوێنی چاپ]، بەغدا.
-گۆران، محەمەد (٢٠٢٣) کچانی مەکتەب، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
-محەمەد، مەسعوود (١٩٧٤) حاجی قادری کۆیی (بەرگی دووەم)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد
- مزوری، مەمدوع (١٩٩٨) مێژووی پەروەردە و فێرکردن لە دەڤەری باڵەکایەتی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، [بێ شوێنی چاپ].
-نەجار، هۆشەنگ صالح (٢٠١٦) بزاڤی ڕۆشەنبیری لە شاری هەولێر لە ساڵانی (١٩٥٨-١٩٧٥)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
-هەورامی، حەمە کەریم (٢٠٠٨) مێژووی پەروەردە و خوێندن لە حوجرەکانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.


**دووەم: کتێبە عەرەبییەکان:**


-اسماعيل، زبير بيلال (١٩٨٤) علماء ومدارس في أربيل، مطبعة الزهراء الحديثة، الموصل.
-البغدادي، ابراهيم فصيح بن السيد صبغة الله (١٢٨٦) عنوان المجد في بيان احوال بغداد والبصرة، دار المنشور البصرى، بغداد.
-الحسني، عبدالرزاق (٢٠١٣) العراق قديما وحديثا (ط١)، دار الرافدين، لبنان.
-الحيدري، ابراهيم فصيح (١٨٧٠) عنوان المجد في بيان أحوال بغداد والبصرة ونجد، دار منشورات البصرى، بغداد.
-الزركلي، خير الدين (٢٠٠٢) الأعلام، دار العلم للملايين، بيروت.
-العزاوي، عباس (١٩٤٧) عشائر العراق ٢ الكردية، مطبعة المعارف، بغداد.

-الفيل، محمد رشيد (١٩٦٥) الأكراد في نظر العلم، مطبعة الآداب، النجف.
-المدرس، عبدالكريم محمد (١٩٨٣) العلماء في خدمة العلم والدين (ط١)، [دون مكان ناشر]، بغداد.
-محمد، أحمد قاسم عبد الرحمن (٢٠١٦) جهود العلماء الكرد في التفسير في العصر الحديث، ط١، مكتب التفسير للنشر والإعلان.أربيل.
سێیەم: گۆڤار و لێکۆڵینەوەکان:

بەزمازنی کوردی:

-بامۆکی، عەبدولکەریم (١٩٩٨) داب و نەریتی فەقێیەتی لە کوردستان دا، گۆڤاری خۆری ئیسلام، ژمارە (١).
- دەنگی زانا (١٩٩٤) 'ژیاننامەی زانایان'، گۆڤاری دەنگی زانا، ژمارە (٤).

بەزمانی عەرەبی:

-الأمراني، محمد بن احمد (٢٠٠٠) 'التعلم بالمساجد: أشكاله وأسسه التعليمية ومبادئه وأهدافه التربوية'، گۆڤاری دعوة الحق، العدد (٣٤٦).
-رەشيد، احمد رشيد و اخرون (٢٠١٨) 'ابن آدم البالكي حياته وآثاره (ت١٢٣٧هـ)'، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، ٦(٢).
-وەيسی، عقيل سعيد (٢٠٢٢) 'جهود علماء منطقة (بالك) في العلوم الشرعية العلامة (محمد ابن ادم) نموذجا'، Journal of Basic Science - JOBS، ١٢، ل٥-٢٣.

چوارەم: دەستنووس:

-وەسانی، کەمال کاک ئەحمەد (٢٠٢٦)[دەستنووسی بڵاونەکراوە]. ١٨ی کانوونی دووەم. ئەرشیفی تایبەتی بنەماڵە.

پێنجەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

-Ahmed, Bzhar Othman, Hassan, Star Shekh and Omar, Rebaz Dlawar (2025) 'The Economic Life of Scholars in Rawandz 1813 - 1916', IIUM Journal of Religion and Civilisational Studies, 8(1), pp. 70–81.

**List of sources**

**First: Kurdish books:**

-Audali, Fakhr Ali (2014) The Role of Religious Scholars in the Political Life of Erbil 1945-1975, Hevi Printing House, Erbil.
-Ahmad, Rebin Mullah (2019) From Bumel to Zardepar: A Study on Balakaity Literature 1800s to 1900s, [no place of publication], [no place of publication[
-Enayi, Mullah Mohammed Mullah Ismail (2017) The Role of the Fatwa Committee in Kurdistan (1st edition), [no place of publication], Erbil.
-Bahrkayi, Tahir Abdullah (2010) History of Kurdish Scholars (Vol. 1), Aras Printing House, Erbil.

-Bahrkayi, Tahir Abdullah (2010) History of Kurdish Scholars (Vol. 2), Aras Printing House, Erbil.
-Bahrkayi, Tahir Abdullah (2010) History of Kurdish Scholars (Vol. 3), Aras Printing House, Erbil.
-Barzanji, Omar Sheikh Latif (2007) The situation of the room in the education of religious scholars in Erbil, Minara Printing House, Erbil.
-Hassan, Ghazi (2008) Literacy: A Difficult and Long Way in Kurdistan, Aras Publishing House, Erbil.
-Khaznadar, Marf (2010) History of Kurdish Literature (Volume 2, Edition 2), Aras Printing House, Erbil.
-Rusti, Niaz (2007) Geography of Balakaity Region, Aras Publishing House, Erbil.
-Sajadi, Alaeddin (1952) History of Kurdish Literature, Knowledge Printing House, Baghdad.
-Shakhawan, Goran (2015) Chapkek la w Farhangi Balakaity, Shahab Printing House, Erbil.
-Saleh, Aras Mohammed (2018) Scholars of Religious Reform and Renewal in Kurdistan, Sara Center, Sulaimani.
-Omar, Rebaz Dlawar (2021) Position of Balakaity in the September Revolution 1961-1975, Beşkçi Center for Humanitarian Research, Duhok.
-Qaradaghi, Mohammed Ali (no year) Sacred Manuscripts (Volume III), [no place of publication], Baghdad.
-Goran, Mohammed (2023) School Girls, Shahab Printing House, Erbil.
-Mohammed, Masoud (1974) Haji Qadir Koyi (Vol. 2), Kurdish Information Society Printing House, Baghdad
-Mazuri, Mamdo' (1998) History of Education and Teaching in Balakaity Region, Cultural Printing House, [no place of publication[
-Najjar, Hoshang Salih (2016) Cultural Movement in Erbil in 1958-1975, Rojhelat Printing House, Erbil.
-Hawrami, Hama Karim (2008) History of Education and Study in Kurdistan Classrooms, Ministry of Culture Printing House, Erbil.
Second: Arabic books:
-Ismail, Zubair Bilal (1984) Scholars and Teachers in Erbil, Al-Zahra Al-Haditha Printing House, Mosul.
-Al-Baghdadi, Ibrahim Fasih ibn al-Sayyid Sabgha Allah (1286) titled al-Majd in the statement of the situation in Baghdad and Basra, Dar al-Manshur al-Basra, Baghdad.
-Al-Hassani, Abdul Razzaq (2013) Ancient Iraq and Hadith (Vol. 1), Dar al-Rafdin, Lebanon.
-Al-Haydari, Ibrahim Fasih (1870) Title of the Majeed in the Statement of the Situation in Baghdad, Basra and Najd, Basra Publications House, Baghdad.
-Al-Zarkli, Khair al-Din (2002) Al-Alam, Dar al-Alam for the Muslims, Beirut.
-Al-Azawi, Abbas (1947) Kurdish Tribes of Iraq, Knowledge Printing House, Baghdad.
-Al-Fil, Mohammed Rashid (1965) The Kurds in the Perspective of Science, Al-Adab Printing House, Najaf.
-Al-Modarres, Abdulkarim Mohammed (1983) Scholars in the Service of Science and Religion (Vol. 1), [Dun Makan Nasher], Baghdad.

-Mohammed, Ahmad Qasim Abdulrahman (2016) Kurdish Scholars' Efforts in Commentary in the Age of Hadith, Volume 1, Commentary Office for Publishing and Advertising, Erbil.

**Third, journals and research:**

Kurdish language:

-Bamoki, Abdulkarim (1998) Customs and Traditions of Jurisprudence in Kurdistan, Khori Islam Magazine, No. (1.(

-Dangi Zana (1994) 'Biography of Scholars', Dangi Zana Magazine, No. (4.(

In Arabic:

-Al-Amrani, Mohammed ibn Ahmad (2000) 'Education in mosques: its forms, educational principles, principles and educational goals', Da'wah al-Haq Magazine, No. 346.(

-Rashid, Ahmad Rashid and Akhrun (2018) 'Ibn Adam al-Balki's life and works (d. 1237 AH)', Journal of Humanities for Zakho University, 6(2.(

-Waisi, Aqil Saeed (2022) 'Efforts of scholars of logic (Balk) in the Shari'ah sciences of the sign (Mohammed ibn Adam) model', Journal of Basic Science - JOBS, 12, pp. 5-2

**Fourth: Manuscript:**

-Wasani, Kamal Kak Ahmad (2026) [unpublished manuscript] 18th December. Private family archives.

**Fifth: English sources:**

- Ahmed, Bzhar Othman, Hassan, Star Shekh and Omar, Rebaz Dlawar (2025) 'The Economic Life of Scholars in Rawandz 1813 - 1916', IIUM Journal of Religion and Civilizational Studies, 8(1), pp. 70–81.